

بەخشین بە
نهێنی
بەخشین بە
ئاشکرا
نووسینی
د. إحسان برهان الدين

# بەخشین بە نهێنی ...

# بەخشین بە ئاشكرا

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

# بەخشین بە نهێنی ..بەخشین بە ئاشکرا

سەدەقە و بەخشین دەرگایەکی گەورەو بەرینی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارە ئەگەر نیازو نیەتی ڕاستی لەگەڵ بێت، تاقیکردنەوەیەکی قورسیشە بۆ مرۆڤەکان چونکە پارەو سەروەت و سامان بەلای هەموویانەوە خۆشەویستە و بە ماندووبوون و زەحمەت بەدەستی دەهێنن، بۆیە بەخشینیشی لەسەریان قورسە و سانا نییە، کەمیشن ئەوانەی ئەو تاقیکردنەوەیە بە سەرکەوتوویی تێدەپەڕێنن، بۆیە اللە تعالی بانگهێشتی بەندەکانی دەکات بۆ بازرگانییەکی پڕ لە قازانج بۆ خێرکردن لەو ماڵەی کە پێی بەخشیون.

ئەم بابەتەش لەم کاتەدا نووسراوە بە بۆنەی ئەم بارودۆخەی لە کوردستاندا درووست بووە بەهۆی پەتای کۆرۆنا وسەرهەلدانی حاڵەتیکی بەرفراوان لە

پێویستی خەڵکی بە هاوکاری، لە دەرەنجامی بێ ئیشی ومانەوەی خەڵکی بە ناچاری لە ماڵەکانیاندا، لە ڕاستیدا هەلوێستی جوانی دەوڵەمەندەکان و خەڵکی تریش لەم هەل و مەرجەدا نکۆڵی لێ ناکرێت و راستیەکی حاشا هەڵنەگرەو ئاماژەیەکی دڵخۆشکەریشە کە خەڵکی هێشتا ڕێژەیەکی باش لە سۆزو بەزەیی و ویستی چاکەو بەخشینیان تیدا هەیە، ئەم بابەتەم لە ڕوانگەی چەند تەوەرێکەوە إن شاء اللّٰه دەخەمە ڕوو:

## فەزل وگەورەیی بەخشین لە دونیا و دوارۆژدا

بە بەڵگەی ڕاست و درووستی کیتاب و سونەت، سەدەقە و خێر کردن لە دونیا و دوارۆژدا سوودی زۆر بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت، لەوانە: دەبێتە هۆکاری لاچوونی جۆرەها بەڵاو ناخۆشی، دەبێتە مای بەرەکەت و پیتی ماڵ و سەروەت وهۆکارێکە بۆ ئاسوودەیی وهەستکردن بە خۆشی وشادمانی و دەرمانە بۆ نەخۆشییەکانی دڵ و دەروون و جەستەو، هۆکاریشە بۆ نزاو پاڕانەوەی مەلائیکەت بۆ بەخشەرەکە و هەروەها ماڵ وسامان پاك وپاراو دەکاتەوە وبگرە ئەوەی بۆت دەمێنێتەوە لەڕاستیدا ئەوەیە کە دەیبەخشیت.

له قیامەتیشدا سەدەقەو بەخشین دەبێتە بەڵگەی ڕاستگۆیی بەندە لەگەڵ پەروەردگاری و گوناه دەسڕێتەوە و لە ئاگری دۆزەخ خاوەنەکەی دەپارێزێت و لەپاڵیدا دەحەسێتەوە و لە دەرگای سەدەقەوە بۆ چوونە ناو بەهەشت بانگ دەکرێت، هەموو ئەمانە بەڵگەی ئایەت و فەرموودەی سەحیحی لەسەرە لەبەر ئەوەی بابەتەکە زۆر درێژ نەبیتەوە باسم نەکردووە

# ئەسڵ لە بەخشیندا ئەوەیە نهێنی بێت

هەرچەند موسوڵمان سەدەقەو بەخشین و کاری چاکەی بە نهێنی بێت ئەوەندە لە ئیخلاس ودور بوون لە ڕوپامایی وپووچەڵ بوونەوەی پاداشت دورتر دەبێت، هەر بۆیە ئەسڵ لە کردەوەی چاکەو – بەخشینیش یەکێکە لە کردەوە هەرە چاکەکان – ئەوەیە بە نهێنی بێت و لە نێوان بەندەو پەروەردگاردا بێت، بە شێوەیەکی گشتیش پێشەوایانی ئێمە لە پێشینان و چاکەکارە گەورەکانی ئیسلام بەخشینیان بە نهێنی ئەنجامداوە، مەگەر حیکمەت و هۆکارێك هەبووبێت بۆ ئاشکراکردنی ئەوکاتە بە ئاشکرا ماڵیان بەخشیوە.

دەگێڕنەوە عەلی کوڕی حوسەین بە ڕەحمەت بێت ئازووقەو بژێوی چل ماڵی بە نهێنی دابین دەکرد بێ ئەوەی ئەو ماڵانە بزانن کێیە ئەو کەسەی هاوکارییان دەکات، ئەو مەسەلەش بە پەنهانی مایەوە تا ئەو کاتەی عەلی وەفاتی کرد و هاوکارییەکان کۆتاییان پێ هات ئیتر بەوە زانرا کە ئەو بووە.

پێشەوا بوخاری بابێکی تەرخان کردووە بۆ بەخشینی نهێنی بەناوی: " بَاب صَدَقَةِ السِّرِّ" و ئەو فەرموودەی ئەبو هورەیرەی هێناوە رضي الله عنه: ( وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لَا تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا صَنَعَتْ يَمِينُهُ ).

هەروەها لە فەرموودەی صحیح دا هاتوە:( إن صدقة السر تطفئ غضب الرب ) "الصحيحة" (1908) سەدەقە کردن بە نهێنی توڕەیی پەروەردگار ناهێڵێت.

بە کورتی تا بکرێت سەدەقە و هەموو چاکەیەك مەگەر شەرع بە ئاشکرا فەرمانی پێکردبێت وەکو نوێژی جەماعەت، بەنهێنی بکرێت باشترە، چونکە خێرخواز دەبێت تەنها و تەنها لەو خێروسەدەقە مەبەستی الله بێت بۆ ئەوەی کارەکەی پووچەڵ نەبێتەوە، ئاشکراکردنیش بۆ ئەو مەبەستە مەترسی ڕیایی درووست دەکات.

لە ڕاستیدا ئەو ئایەتانەی کە جەخت لەسەر بەخشین بەنهینی دەکەنەوە تاکەکان بە جوانترین شێوە پەروەردە دەکەن، چونکە مرۆڤەکان بە سروشتیان حەز لە وەسف و ستاش و سوپاس کردنی خەڵکی دەکەن، بۆیە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ئاراستەی چاکەکاران دەکات بەخشین و کارە چاکەکانی تریان بە نهینی بێت ودوور بێت لە چاوی خەڵکی، هەر لەبەر

ئەوەیە دەبینین بەگشتی ئەو ئایەتانەش کە ڕێگەی بەهەردوو شێوازی بەخشین داوە شێوازی نهینی پێش خستووە:(قُل لِّعِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُواْ يُقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَيُنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلانِيَةً..) (الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلاَنِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ) ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەخشینی نهینی ئیخلاس و چاودێریکردنی پەروەردگار لەناخی بەخشەردا دەچێنێت و خۆشی و ئاسوودەییەکی پێ دەبەخشێت زۆر زیاتر لەوەی کە لە بەخشینی ئاشکرا هەستی پێ دەکات، هەروەها بەخشینیان لەسەر ئاسان دەکات و لەگەڵیدا ڕایاندەهێنێت و وایان لێ دەکات تەنها چاویان لە ڕەزامەندی و وەرگرتنی اللە بێت بۆ کارەکەیان. بەڵکو لەگەڵ بەخشینەکەشیان هێشتا ترسیان هەیە وەرگیراو نەبێت، وەکو فەرموویەتی: (وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا

**آتَوا وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَى رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ * أُوْلَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ).**

# بەخشین بە ئاشکرا وبەبەرچاوی خەڵکەوە

ئەگەرچی بەپێی چەندین ئایەت و فەرموودە، ئەسڵ ئەوەیە خێرو سەدەقە و بەخشین بە نهێنی بێت بۆ ئەوەی پاداشتی کەم نەکاتەوەو خاوەنەکەی لە مەترسی ڕیایی بەدوور بێت، بەڵام لەکاتی هەبوونی حیکمەت و پاساوێکدا، درووستە بە بەرچاوی خەڵکی وبە ئاشکرا ئەو خێرە بکرێت، بۆ هەندێ هەل و مەرج و حاڵەتی تایبەتیش لەوانەیە لە خێرو سەدەقەی نهێنی چاکتریش بێت، بۆ نموونە ئەگەر ئەو کارە ببێتە مایەی ئەوەی چاوی لێ بکرێت و خەڵکانێکی تر بۆ بەخشین و هاوکاری کردنی نەداران و خاوەن پێویستییەکان هان بدات بۆ سەدەقە کردن و بەخشین، الله تعالى لە قورئاندا فەرموویەتی: ( إِنْ تُبْدُوا الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِنْ تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ )، ئەگەر

سەدەقە و بەخشینەکانتان بە ئاشکرا بکەن کارێکی باشە، ئەگەریش بیشارنەوە وبیدەنە هەژارەکان بە شاراوەیی ئەوە باشترە بۆ ئێوە .

هەر وەها فەرموویەتی:(الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ).

کەواتە سەدەقەی ئاشکرا بە بەرچاوی خەڵکەوە ئەگەر پاساوی هەبێت درووستە وبەڵگەی ڕوون و ئاشکرای قورئانی لەسەرە، بەهەمان شێوە لەسوننەتیشدا بەڵگەی لەسەرە، تەنها بۆ بۆ نموونە: (المسر في القرآن كالمسر بالصدقة، والجاهر بالقرآن كالجاهر بالصدقة) أخرجه الإمام أحمد في (مسند الشاميين)، برقم: 17128،واتە: ئەو کەسەی قورئان

بەنهێنی بۆ خۆی دەخوێنێت وەکو ئەو کەسەیە کە خێر و سەدەقە بە نهێنی دەکات، ئەو کەسەش بە ئاشکرا قورئان دەخوێنێت وەکو ئەو کەسەیە بە ئاشکرا خێرو سەدەقە دەکات.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەگەر کەسەکە پێشتر بەخشینی نهێنی هەبووبێت، یان ئەسڵ لەلای بەخشینی نهێنی بێت، جۆرێکی لە ئامادەیی دەروونی و پارێزراوی بۆ دروست دەبێت کە بەخشینی ئاشکراشی هەبێت و لە خراپییەکانی پارێزراو بێت.

سروشتی مرۆڤەکان وایە چاو لەیەکتر دەکەن و هەندی جار لە کاری چاکەو بەخشیندا کێبڕکێیش دەکەن، ئەمەش بەڕوونی تێبینی دەکرێت لەم سەردەمەی کە لە کەناڵە ئاسمانییەکان و

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە کاتێك داوای بەخشین دەکرێت یان بانگهیشتی خاوەن پارەو سامانەکان دەکرێت بۆ درووستکردنی نەخۆشخانەیەك یان پرۆژەیەکی بە سوود یان یارمەتیدانی ماڵێکی هەژار یان کەسیکی نەخۆش، دەبینرێت بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو ئامانجە جێبەجێ دەکرێت، ئەوەش یەکێکە لە سوودەکانی سەدەقەو خێر کردن بە ئاشکرا.

ئینجا ئەگەر ئەو خێرخوازانە کەسانی دیار و سەرکردەی باش بن، زۆر جار کارەکەیان دەبێتە مایەی ئەوەی چاویان لێ بکرێت و شوێن پێیان هەڵبگیرێت، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە ناسراو نین.

بۆیە پێشەوا زکریا الأنصاري کە یەکێکە لە شەرعناسەکانی ڕێڕەوی شافیعی دەربارەی شێوازی دەرکردنی زەکات بۆ پێشەواو سەرکردەی موسوڵمانان و خەڵکی دیار فەرموویەتی: : "وأمَّا الإمامُ فالإظهارُ له

أفضلُ مُطلقًا” واته به ئاشكرا بێت باشتره، بۆ ئەوەی چاوی لێبکرێت.

سەبارەت به زەکاتیش که – به پێچەوانەی سەدەقەوه – زانایان فەرموویانه باشتره به ئاشکرا بێت، یەکێك له حیکمەتەکانی ئەوەیه گومانی زەکات دەرنەکردن له دەوڵەمەندەکه دووربخاتەوه، چونکه خەڵکی ئەگەر دەوڵەمەند نەبینن زەکات دەردەکات گومانی خراپی پێ دەبەن که زەکاتی ماڵەکەی دەرناکات.

یان لەم بارودۆخەی ئێستادا خێرۆمەندی وا هەیه ئامادەیه له بوارێکی دیاریکراودا خزمەت بکات بۆ نموونه ئامادەیه بڕێکی دیاری کراو له ئازووقه بداته هەر ماڵێك پێویستی پێیەتی وژمارەی تەلیفۆنەکەشی ڕادەگەیەنێت، یان کەسێك کۆگای دەرمانی هەیه و به ئاشکرا ژمارەی تەلیفۆن بڵاودەکاتەوه یان له ڕێگەی ترەوه که ئەو دەرمان بۆ هەرکەسێك دابین دەکات که

توانای دابینکردنی دەرمانی نییە وحاڵەتی هاوشێوەی تر، بێگومان لەم حاڵەتانەدا ئاشکرا کردنی سەدەقە باشترە لەوەی کارەکەی بە نهێنی بکات.

*هەروەها هەندێ جاریش هەژارەکە خۆی بەئاشکرا و بەرچاوی خەڵکەوە یان لە ڕاگەیاندنەکانەوە داوای یارمەتی دەکات، ئەوە ئیتر واتایەك نامێنیت بۆ یارمەتیدانی بە نهێنی.

# ئەگەر حیکمەتێك هەبوو با بەخشینەکەت ئاشکرا بێت

لە ڕۆشنایی ئەو خاڵەی سەرەوەدا، کە بە پێی مەرجەکانی خۆی سەدەقە و بەخشین ئاساییە ئاشکرا بێت، واتە ئەگەر حیکمەت و پاساوێکی تێدا بەدی بکرێت، کەواتە بە پێچەوانەوە ئەگەر هیچ حیکمەتێکی تێدا بەدی نەکرا و پاساوێکی ڕوونی نەبوو، ئەوە بێگومان شاردنەوەی چاکترە و خێر وپاداشتیشی زۆرترە، بۆیە دەگەڕێینەوە سەر بنەما گشتییەکە کە سەدەقە کردن بە نهێنی باشتر و سەلامەتترە، ئینجا ئەبێت ئەوە فەرامۆش نەکرێت کە ئاشکرا کردنی سەدەقە بەو پێیە وەکو چارەسەرێك پێویستە پەنای بۆ ببرێت و تەماشا بکرێت، چونکە ئاماژەی هەموو

**دەقە شەرعییەکان بەرەو ئەوەیە خێرکردن بە نهێنی لە خێر کردن بە ئاشکرا باشتر و سەلامەترە.**

# دەکرێت بەشێکی بەخشین ئاکرا بێت

چاکترە کەسی خێرخواز بەشێك لەو ماڵەی کە دەیبەخشێت بە ئاشکرا بیبەخشێت و نیەتی خۆی ڕاست بکاتەوە کە لەو ئاشکرا کردنە مەبەستی کاریگەری درووستکردنی ئەرێنیە لەسەر ڕای گشتی و دەولەمەندەکان بۆ ئەوەی ئەوانیش ببەخشن و چاو لە ئەو بکەن، ئەگەر ئەوە نییەتی بێت و نیەتی خۆ دەرخستن و خۆ نواندن وڕیایی نەبێت، یان ئامانجی تری نەبێت خەریکی جێبەجێکردنی بێت لەڕێگەی ئەو بەخشینەوە ئیتر ترسی لەسەر نییە ودواجاریش خۆی لە هەموو کەسێك باشتر دەزانێت لە نییەتی خۆی، بەڵام هەموو بەخشینێکی هەمیشە ئاشکرا نەبێت و

ئەو مەسەلە بکات بەعادەت و ئەو ڕێگەپێدانەی شەرع بکات بە بیانوو ئیتر هەموو بەخشینێکی هەر ئاشکرا بێت، بەڵکو بە نهینیش ببەخشێت و ئەسڵ لەلای بەخشینی نهینی بێت وهیچ کاتێك کۆتایی ئایەتەکەی لەبیر نەچێت کە الله تعالی فەرموویەتی: (وَإِنْ تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ).

## سەدەقەی ئاشکراو نهێنیش بەڵگەیان لەسەرە

ئینجا مادام سەدەقەی ئاشکرا بە شێوەیەك لە شێوەکان بەڵگەی قورئان و سوننەت ئەسڵی هەیە، کەواتە مافی کەس نییە دەست بگرێت بەو بەڵگانەوە کە جەخت لەسەر سەدەقەی نهێنی دەکەنەوە و لای خۆیەوە حوکم بەسەر نییەتی خەڵکیدا بدات و کارەکانیان زەربی سفر بکات لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا دەیکەن، چونکە لەڕاستیدا لە لایەکەوە ڕەتکردنەوەی بەڵگەکان ئاسان نییە و لەلایەکی تریشەوە حوکمدان لەسەر مەسەلەیەکی ئاوها واتە بڵێیت فڵانە کەس ڕیابازە یان مەبەستێکی تری هەیە لە بەخشینەکەی، پێویستی بە زانینی نییەتی دڵی کەسەکە هەیە وئەوەش تەنها اللّٰه لێی ئەزانێت، لێرەشەوە ئامۆژگاریم بۆ خۆم هەرکەسێك کە گویم لێ دەگرێت ئەوەیە قسە لە نیەتی

**خەڵکیدا نەکەین نە بەڕاستەوخۆ نە بە ناڕاستەوخۆ، بەتایبەتی لەبابەتێکی وەکو ئەمە کە بەڵگەی قورئان و سوننەت ڕێگەی پێداوەو ئەگەر لەو گومانەتیشدا هەڵە بیت زیانێکی زۆر گەورەت لە خۆراپی لە خۆتداوە.**

## دانانی بریکارێك بۆ دابەشکردنی سەدەقە لەجیاتی خاوەنەکەی

هەندێك لە زانایان فەرموویانە باشترە کەسی بەخشەر یان خێرخواز خۆی هەڵنەسێت بەدابەشکردنی ماڵەکەی بەسەر هەژاراندا، بەڵکو بریکارێك بەو کارە هەڵبسێت بۆ ئەوەی ناوی خاوەن خیرەکە ئاشکرا بکات، بەوەش خۆی لە ڕوپامایي دوردەخاتەوە و هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو بریکارە کە پێویستە جێگای متمانە بێت و بە ئەزموون دەرکەوتبێت کەسێکی ڕاستگۆو بێ فڕوفێڵە، لە خەڵکی هەژارەوە نزیکترە و لە دەولەمەندەکە باشتر دەیانناسێت وبەتواناترە لەوەی بیگەیەنێت بە شاییستەکانیان.

پێویستیە وەکیل ئەوە بزانێت کە کارەکەی پلەوپایە و سەروەرییە بۆی، چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم فەرموویەتی ئەو کەسەی لە خەمی کەسانی هەژار و نەدارو بێوەژنی خاوەن مناڵدایە و هاوکارییان دەکات، وەکو ئەو کەسەیە کە جیهاد لە پێناو الله دەکات یان وەکو ئەو کەسەیە کە بەشەو شەو نوێژ دەکات و بەڕۆژ بە ڕۆژوو دەبێت: «الساعي على الأرملة والمسكين كالمجاهد في سبيل الله أو القائم الليل الصائم النهار» فتح الباري/ كتاب: الأدب، رقم: 5660.

بەڵام پیویستە بریکارەکە کە بە ئەرکی گەیاندنی خێروبەخشینەکان هەڵدەستێت هەمیشە کارەکەی وەکو ئەمانەتێك تەماشا بکات وبەردەوام ئەم ئایەتەی لەبەر چاو بێت {إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا}، هەروەها پێویستی بە شارەزاییە لە هەندی لە

حوکمەکانی زەکات و سەدەقەکردن بۆ ئەوەی لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەی لە ڕووی شەرعییەوە تووشی هەڵە نەبێت. ئەگەرنا لەهەرچی مەسەلەیەکدا کە پێویستی بەبەرچاوڕوونییە بۆلای کەسێکی شارەزای فیقهو عەقیدەپاك بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گرفتەکەی بۆ چارەسەر و ڕوون بکاتەوە. لە کۆتاییشدا کەسانی بریکار بۆ گەیاندنی سەدەقە و بەخشینی دەوڵەمەندەکان جگە لەوەی بەردەوام پێویستە وریای نیەتیان بن و شارەزایی فیقهییان هەبێت و بگەڕێنەوە لای ئەو زانایانەی کە جێگای متمانەن هەروەها پێویستە لەسەریان کارەکەیان وەکو جۆرێکی گرنگ لە بانگەواز بۆ ئیسلام تەماشا بکەن و لەو ڕێگەوە وانەی کردەیی و واتایی جوان پێشکەشی خەڵکی بکەن.

## سارد کردنەوەی خەڵکی لەبەخشین باش نییە

بە کارێکی باشی نازانم لەم کاتە هەستیارەی کە ئەم پەتایەی کۆرۆنا لە کوردستاندا بوونی هەیە و کەسانیکی زۆر بەو هۆیەوە بێ ئیش بوونە وباری داراییان لاواز بووەو منالّیان جۆرەها پێویستییان هەیە وپێویستی هەنووکەییان بەهاوکارییە، هیچ کەسێك لە بەخشین سارد بکرێتەوە با گومانیش وابێت کە ئەو کەسە نییەتی تری هەبێت و لە بەخشینەکەیدا نیەتی تری تیکەڵی کردبێت، چونکە ئێمە ئەگەر لەڕووی جەدەلیشەوە وتمان ئەو کەسە تەنها بۆ ڕیایی ماڵ دەبەخشێت و نیەتی بۆ پەروەردگاری نییە –کە ئەمە خۆی لە خۆیدا حوکمێکی ئەستەمە – لەو حاڵەتەشدا و بەتایبەتی

لەبارودۆخیکی جیاوازی وەکو ئەم قۆناغەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، هیچ بەرژەوەندییەك لەساردکردنەوەی ئەو کەسانەدا نییە، با نییەتی هەرچییەك بێت خۆ ئەو بەڕوواڵەت ئەڵێت ئەو کارەم بۆ الله دەکەم و ئێمەش ڕێگەیەکمان نییە بۆ پشکنینی نیازی ناو دڵی بزانین کە ئایا ڕاست دەکات یان نیازی تری لە پشت ئەو کارەوە هەیە، ئینجا ئەو کەسەی کە ئەو بەخشەرە سارد ئەکاتەوە خۆی ئامادە نییە لە جێگەی ئەو بە نییەتیکی پاکەوە یان بەهەر نییەتیکەوە ئەوەی بەخشینەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە! بۆیە بەرژەوەندی ئەوەیە وازیان لێ بهێنین با هەژارەکان لێیان سوودمەند بن و حوکمی خۆیشیان لای ئەو کەسەیە کە نیەتی شاراوەی ناخ و دڵ و دەروونیان و دڵ و دەروونی هەمووومان دەزانێت.

# پاراستنی کەرامەتی هەژار واجبە

لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە تا بکرێت کەرامەتی هەژارەکە پارێزراو بێت و هەستی بریندار نەکرێت و بە هۆی هاوکارییەکەوە -زۆر بێت یان کەم – تووشی ئازاری دەروونی نەکرێت و لەبەردەم خزم و دراوسێ و خەڵکیدا وەکو موحتاج وسواڵکەرێك وێنا بکرێت، ئەمەش ناکۆك نییە لەگەڵ ئەوەی شەرع ڕێگەی بە بەخشینی ئاشکرا داوە، وینەی بەرجەستەکردنیشی لەم سەردەمەی خۆماندا و لە قۆناغی ئێستای کوردستاندا ئەوەیە وینەی ئەو کەسانە بڵاونەکرێتەوە کە هاوکاری دەکرێن، چونکە ئەوە لە مەودای دووردا کاریگەی سەخت لەسەر دڵ و دروون و لایەنی

کۆمەڵایەتی ئەو خێزانانە بەجیدەهێڵن، اللہ تعالی فەرموویەتی: ( قَوْلٌ مَعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِنْ صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَا أَذًى ) واتە وەکو الطبري فەرموویەتی: قسەیەکی جوان و دوعایەکی چاکە بۆ هەژارێك بکەیت لەوە باشترە خێرێکی پێ بکەیت و بە باس کردن و ئاشکراکردنی یان منەت بەسەردا کردنی ئازاری بدات.

# وێنەگرتنی هەژار لە کاتی بەخشیندا

سەبارەت بە حوکمی وینەگرتن و تەسویرکردنی بەخشینەکە زانایانی هاوچەرخ قسەیان لەو بارەوە کردووە و مەسەلەکەیان بەستووەتەوە بە پێویستی زۆرەوە، ئەگینا درووست نییە خێری پێبکەیت و ئازاری بدەیت بەو وینەگرتنە، بەڵام خێرخوازەکە بە ئاشکرا باسی خێرەکەی خۆی بکات و ئیعلانی بکات کە ئەو هاوکاری هەژاران دەکات ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە و ئاماژەمان بە حوکمەکەی کرد، دەرخستنی وینەی خاوەن پێویستییەکان و ناوزڕاندن و ئازاردانی دەروونیان ئەوە مەسەلەیەکی ترە و مەگەر بەرژەوەندی هەژارەکەی تێدا بێت و خۆی ڕازی بیت بیت ئەگەرنا

درووست نییه وکارێکی ناشیرینه وێنەی ئەو کەسە بگریت کە خیری پی ئەکەیت.

یەکێکی تریش لەو پاساوانەی باس دەکرێت بۆ تەسویر کردنی هەژارەکان لە کاتی وەرگرتنی هاوکاریدا بۆ ئەوەیە خاوەن خێرەکە دلنیابێتەوە لەوەی خێرەکەی گەیشتووەتە جێگای خۆی، بۆ ئەمەش هەر ئەبێت ڕێکاری پیویست بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی وینەکان بۆ هەموان بڵاونەکرێتەوە و لە ئاستێکی سنووورداردا لە پێناو بەرژەوەندی بەردەوامبوونی دەوڵەمەندەکە لە هاوکارییەکانیدا ئەو کارە ئەنجام بدرێت نەك ئابڕوو بردنی هەژارەکە.

بەڵام ئەمەی کە لە ئێستادا لە کوردستان دەکرێت و وینەی هەژاران تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی تەنیوەتەوە لەو کاتەی خاوەن خێرەکان بە کیسەیەکی خۆراك یان تەبەقێکی هێلکەوە کەرامەتیان ئەشکینن و وینەکانیان

لەو حاڵەدا بڵاو دەکەنەوە، ئەوە کارێکی زۆر ناشیرینە و دوورە لە جوامێری و ئاکاری کەسی خاوەن کەسایەتی بەرز و پێچەوانەی دەقە شەرعییەکانیشە، ئەوانەش کە ئەو کارە ئەنجام ئەدەن بەلای کەمەوە جەهلێکی رون و ئاشکرایان بە شەرع هەیە وخۆیان ڕێگای گومانی خراپ لەکارەکەیان بۆ خەڵکی خۆش ئەکەن، چونکە وەکو پێشتر باسمان کرد ئاشکرا کردنی خێر و سەدەقە ئەبێت بەسترابێتەوە بە پاساوی مەنتیقی و هۆکاری شەرعی، ئەگەر نا ئازاردانێکی بێ مەعنایە بۆ ئەو هەژارانە.

# بەخشینی  ئاشكرا جۆری هەیە

لەگەڵ ئەوەش كە باسكرا پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو جۆر لە ئاشكراكردنی چاكەدا بكرێت و دوو جۆر چاكەكار لەیەكتر جیابكەینەوە:

كەسێك كە چاكەو عیبادەتی شەخسی خۆی بۆ خەڵك باس دەكات و تەسویری دەكات و بڵاوی دەكاتەوە، ئەمە هیچ جۆرە پاساوێكی نییە و گومانی زۆر دەكرێت ئاشكرا كردن و باسكردنی عیبادەت و چاكەكانی خۆی ببێتە مایەی پۆچەڵكردنەوەی كارەكانی، بۆ خۆی زیانی هەیە بۆ كەسی تریش سوودی نییە.

بە پێچەوانەی ئەو كەسەی كە بە ئاشكرا دەستی یارمەتی بۆ هەژاران درێژ دەكات و دڵیان خۆش دەكات

و کەلێنیك لە ژیانیاندا پڕ دەکاتەوە و دڵ و دروونیان ئاسوودە دەکات، ئەم کەسە ئەگەر کارەکەی ڕوپامایيش بێت و سەد لەسەد مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاریشی نەبێت ئەوا ئامانجەکەی پێکاوە و سوودی بە هەژاران گەیاندووە بەڵام زیانی بە تەنها بە خۆی گەیاندووە وخۆی ڕەنجەڕۆ کردووە.

# کێشەی ڕیایی لەناو کۆمەڵگای خۆماندا

وا دەزانم – لەوانەشە هەڵە بم – موسوڵمانی کورد بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی و هەندیك لە دەوڵەمەند وکەسایەتییە دیارەکان، شلن لە مەسەلەی خۆپارستن لە ڕیایی و وەکو پێویست دەرکیان بە ترسناکی ئەو بابەتە نەکردووە، پێم وایە دەبوو ترسیان لەو تاوانە زۆرتر بوایە وزیاتر خۆیان لێی بپاراستایە، چونکە نەك تەنها لە مەسەلەی بەخشیندا، بەڵکو لە ئەنجامدانی زۆر چاکەو عیبادەت و هەڵوێستەکانیاندا کە هەندێکی چاکەو عیبادەتیکی شەخسییە، لە جیاتی شاردنەوەی و هێشتنەوەی لە نێوان خۆیان پەروەردگاریاندا، کە ئەوە پیشەی هاوەڵان و تابیعی و پیاوچاکانی سەلەف بووە،

دەچن بە پەلە ئەو چاکەو بەخشین و بگرە عیبادەتەی خۆیان – بەبێ هیچ حیکمەتێکی ڕوون و ئاشکرا – ئەکەن بە پۆستێك و لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بڵاوی ئەکەنەوە، خەڵکی دەستخۆشییان لێ دەکەن و ئەوانیش بە ئەوپەڕی بێ باکییەوە سوپاسیان ئەکەن و هەست بە هیچ کێشەیەك ناکەن، وەکو ئەوەی ئەو ئایەتەیان نەخوێندبێتەوە: ( فمن كان يرجو لقاء ربه فليعمل عملا صالحا ولا يشرك بعبادة ربه أحدا ) وەکو ئەوەی ئەو هەموو فەرموودەیان نەخویندبێتەوە کە وریایی لە ڕیایی دەدەن و ڕیایی بەشیرك وەسف دەکەن، داواکارم لە مامۆستایانی ئایینی و خێرخوازان و ئەو کەسانەی کە چاکەکانی خۆیان ئەکەنە پۆستی فەیسبوك، بترسن و وەستانێکی قوڵ و تیروتەسەلیان لەگەڵ ئەم بابەتە هەستیارەدا هەبێت، بە ئەو پەڕی دڵسۆزی ودڵنیایی پێیان دەڵێم تاکو دەتوانن

چاکەکانتان بشارنەوە و عەلی کوری حوسەین رضي الله عنهما بکەن بە نموونەی خۆتان کە وەکو الذهبي لە سير أعلام النبلاء دەیگێڕێتەوە بژێوی ڕۆژانەو خەرجی چل ماڵی لەئەستۆ گرتبوو بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت تاکو وەفاتی کرد ئەوکاتە ئازووقەکان بەماڵەکان نەدەگەیشت و لە کاتی شوشتنی تەرمەکەی شوێنەرای هەڵگرتنی ئەو ئازووقانەی بەسەر شانەوە دیار بوو کە خۆی بۆ ئەو خەڵکەی دەبرد، ئەوەندە بەسە کە الله تعالی لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی: " أنا أغنى الشركاء عن الشرك، من عمل عملاً أشرك معي فيه غيري تركته وشركه" رواه مسلم.

# کۆتایی

لەم نووسینەمدا هەوڵمداوە خویندنەوەیەکی شەرعی پشت ئەستوور بە زۆر سەرچاوەی شەرعی کە بۆیان گەراومەتەوە پیشکەش بکەم بە کورتی کە تەنها مەبەستم ڕوڕوونکردنەوەی حەق و دەرخستنی حوکمی شەرعە لەم پرسەدا، کە لەم کاتە هەستیارەدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا مشت و مڕی لەسەر درووست بووە، بەدەر لەوەی کێ پێی خۆشەو کێ پێی ناخۆشە، وەکو پیشەی هەمیشەییم لەبەر سەربەخۆیی و بێ لایەنی و دووربوونم لە هەموو کۆمەڵ و حیزب و کەسایەتییەکی فەرمی ناودار و تەنانەت لە ڕێکخراوە خیرخوازییەکانیش، بۆیە گوێ بە هەلسەنگاندن و ڕەخنە نادەم بۆ قسەکانم، مەگەر کەسێك

به بەڵگەیەکی شەرعی بۆم بسەلمێنیت کە لە بڕگەیەکدا هەڵەم کردووە، ئەوکات بەبێ سێ و دوو لەهەلەکەم پاشگەز دەبمەوە وسوپاسی دەکەم، بۆیە مەبەستمە بڵێم نە پشتگیری کەس دەکەم لەم مەسەلەو نە دژبە هەڵوێستی کەس ئەوەستم، ئەوانەش کە لەم ڕۆژگارەدا توانای ماڵ بەخشینیان هەیە و بە ڕاستەقینە و لەبەر ڕەزامەندی ﷲ هاوکاری هەژاران دەکەن لە چاومدا زۆر گەورەن و هەست بە (غبطة) ئەکەم بەو بەشە گەورەی کە پەروەردگار پێیانی بەخشیوە، مەگەر کەسێك ڕابوردووی و ئێستای خراپ بێت و لە بنەماکانی بیروباوەڕ و ئیسلام لایدا بێت، ئەوە ئەگەر هەموو دونیا موڵکی ئەو بێت وبیبەخشێت، نە خۆزگەی پێ دەخوازم و نە بۆ خۆیشی سوودی ئەبێت، تاکو نەگەڕێتەوە سەر ڕاستەشەقامی ئیسلام.

**إحسان برهان الدين**

**7 شعبان 1441- 31/3/2020**